# ئەنفال

بةكر ئة حمةد
2ي ئاياري 1995

لێرە بووم کە هاتن
کاروانێك گۆرانی دڵتەنگ بوون
بێرەدا, بە بەرچاوی خۆمدا تێپەڕین.
من دەنگی ئاوازی ئەوانم, بە گیانم هەڵمژی
من ترپەی پێیانم, لە گوێما هەڵکەنی
بەڵام ئاخ
چاوانم بۆ کوێر بوون؟
بۆ شوێن پێی کاروانم دیار نییە و
کام دەستی ساحیر هات, سڕییەوە
تا ئاوا لێم ونبوو!

هۆ خۆری سەرسەرم!
هەر ئێستا لێرەوە تێپەڕین,
تۆ و هەوریش لێرە بوون
سەرنج بە!
بزانە, تۆ شوێن پێی کاروانی گۆرانیم هەڵناگری؟

- لە دەنگی ئاوازی قەتارییان سەرسام بووم.
بۆ ساتێك
هەر هێندەی هەناسەی تیشکێکم
لە مەستی گۆرانی ئەواندا
چاوانی خۆم داخست,
هەر هێندەی هەناسەی تیشکێکم

چاوانم کردەوە, لێم ونبوون.

هۆ هەوری سەرسەرم!
سەرنج بە!
سۆراخی!
مەگەر تۆ کاروا نمت نەبینی؟
- من چەتری سەرییان بووم
لێرەوە, بە نیگای شەونمی چاوانم, دەمبینین
بەڵام ئاخ!
هەر هێندەی گەیشتینە مەڵبەندی بێ هەور
هەر هێندەی گەیشتینە مەڵبەندێك کە من خۆم
ناتوانم بە سەریا تێپەڕم,
هەر هێندەی گەیشتینە مەڵبەندی بیابان,
لە چاوانم ونبوون.

لێرە بووم کە هاتن
بە بەرچاوی خۆمدا تێپەڕین.
بەڵام ئاخ تا ئێستاش
نەمن و
نە هەور و
نە خۆریش
یەك شوێن پێی کاروا نمان نەدییەوە و
نازانم هەرسێکمان, هەمان کات
بۆ کوێر بووین؟